chalakmuhamad@gmail.com

- ئیتر مەبەست لە کەم و زۆری چییە لەژیاندا؟-
- ئەبێ خۆت لێ هاتووبی و بزانی ووشەی مردوو چۆن زیندوو ئەکرێتەوە .
- ئەگەر وابێ ئەبێ نرخ بەرەو بازاڕی فرۆشتن بڕوات .
• پێکەنینی بەم قسەیە ئەهات و لە دڵی خۆیدا ئەیووت .
- منی کرد بە وەکیلی خۆی ، حەزبکەم ئەڵێم زۆر بەدرۆ کەم بەڕاست ، خۆم وەکیل نیم ؟
• زەردەخەنەیەک شەقڵی لێوە هەڵپزرکاوەکانی شکاندو هەرچی ئازاری لاشەی ئازاردراوی نێوگۆڕ هەیە لەژیاندا تێیدا بەدی ئەکرا .
- ئەی ئەگبەت · نازانم بەم شێوەیە کاممان بەختیارین ، بڵێم زۆر یاکەم بەدەستی خۆمە .. من وەکیل‌نیم ؟ بەڵێ کەس هەیە بڵێ نەء ؟ نەخێر .
- تۆ بڵێی نرخی بۆ دابنێ ؟
خۆ ئەو نازانێ من بەزۆر یا بەکەم تێ‌هەڵئەچم ، یا قازانج ناکەم ؟
• تەمی خەم وەکو هەور سەرو بنی دڵی داگرت و چاوەکانی وەکو پەنجەرە بەپەردەیەکی ڕەش دادرایەوە .
- بڵێ بۆ ئەمم کرد بەوەکیلی خۆم ؟
بۆ تەنیا ئەم کرد بە وەکیلی قسە کردنم ؟ ئەمجا ..
- ئەمجا چی ؟
- هەرچی بکردبایە مێشکم بەقسەی نەئەکرد . خۆزگە ئەمزانی بەکۆکردنەوەو لێ‌دەرکردن مەسەلەکە ئەگۆڕی ؟
• سەیرێکی تری پێلاوەکانی کردو خێسەیەکی لێ‌کردن .
- ئەی کوا سەرو بنی پێلاوەکانم و قەیتانەکانیان هیچ جیاوازییەکان نییە ؟ وەڵاهی هەموویان بۆ پێ دروست کراون .
- ئاخر بەزەییم بەسەرتدا دێتەوە .
- تۆ چیتە بەسەرەوە ، تۆ وەڵامی خۆتت ناوێ ؟
- نێ بەڵێ .
• سەری ڕەش هەڵگەڕابوو ، وەکو تۆ پی پێ بە قەیتانێکی سپی درزی دەمی پێ چنرابوو وای زانی پێلاوەکانێتی قاچی بەرز کردەوە ، بەرز کردەوەو بەرانبەری ڕای گرت .
بەخەتێکی ووردی ڕەش لێی نووسراوبوو ئەمەیە و ئەمیشیان هیچ .

# لە گەڵ

حیدر عبدالرحمن

شانۆگەری (شێت)ی بولگاکۆف بە ئامادەکردنی شانۆگەری (بورژوازی نەجیب زادە ـ Le bourgeois gentilehomme ـ ی مۆلێر دادەندرێت ، کە نزیکەی سەدەو نیوێک دەبێت مۆلێر نووسیویەتی و بۆ شانۆ دەری هێناوە . بولگاکۆف لە ئامادەکردنەکەی‌دا هەندێ جوانکاری لە شانۆگەریەکەی مۆلێردا کردوە بەوەی کە لەسەر هەمان ڕێچکە کۆمیدیەکەی ئەو ، سوودی لە تەکنیکی نوێی نووسین و دەرهێنانی شانۆیی‌یەوە وەرگرتووە ، هەروەها هەوڵی ئەوەشی داوە کە لە هەندێ هەڵوێستی سەرەکی ، لە وێنەکێشانی کاراکتەرەکان‌دا ، یان لە دروست‌کردنی ڕووداوەکان‌دا لە ـ مولێر ـ جیا بێتەوە ، بەڵام لە جۆرێ‌ان ـ دا کە بوّتە کۆرەگەی شانۆگەریەکەی بولگاکۆف نەیتوانیوە هیچ گۆڕانێکی تێدا بکات ، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین دەقاو دەق گواستویەتیەوە ، هەروەهاش بە گوێرەی کاراکتەرەکانی تریشەوە .
مۆلێر لەم شانۆگەریەی‌دا بەروون و ئاشکرایی چینە ئەرستۆکراتی‌یە بورژواکان ڕیسوا دەکات ، بۆلگاکۆف ـ یش هاتووە ئەم ڕیسوا کردنەی قووڵترو گەورەتر کردوّتەوە .
جیاوازیەکی زۆر لە نێوان سەردەمی مۆلێرو بولگاکۆف‌دا بەدی دەکرێت سەدەو نیوێکیان بەینە ، لەو ماوە دوورو درێژەدا دونیا لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە پێشکەوتنێکی تێکڕایی بەخۆیەوە بینیوە ، واش ڕێ‌کەوتووە کە هەر یەکێکیان پەنجاو یەک ساڵ تەمەن بەرنە سەر .

# شانۆگەری «خانەدان» دا

## ئەجیب زادەکان کێن ؟

لە سەردەمی مۆلێردا چینە کۆمەلایەتیەکانی سەردەم دیاری کرابوون ، ئەجیب زادەکان بە پشتاو پشت ، ئەوان چینی بلندی کۆمەل بوون لە سەرووی هەمووشیانەوە پاشا خۆی ، بۆیە بەمندالی پاشاکانیان دەگوت مندالی خواوەند ، وەکو هنری چوارەم لە بەیەك گەیشتنێکی لە گەل ئەو نەجیب زادانەدا لە سالی 1596 دا دەلێ : خوو رەوشتیەتی نەجیب زادەیی جوانترین نازناوە بۆ ئێمە ، بۆیە هەردەم پیاوەکانی ئەم چینە لە دەورو پشتیدا دەژیان ، دەستیان تێکەل بە سیاسەتو جەنگ دەکرد ، بێ ئەوەی بچنە ناو جەنگ ، شان بەشانی شابوون ، بۆیە لە رۆشنبیریو ئەدەبو هونەردا بەشیان لە چینەکانیتر زۆرتربوو ، شا وەزیفە گشتیەکانی تری دەدا چینی ناوەندی بۆرژواکان کە هەندێ لەوان دەبوون بە نەجیبزادە ، بەلام نەجیب زادەیەکی نارەسەن ، لەوانە (نەجیب زادانی شیر) لە فەرمانە جەنگیەکاندا نەجیب زادەکانی جلوبەرگ لەفرمانەکانی دادگادا .. هتد ..

## سەردەمی مۆلێر

مۆلێر لە مێژووی کلاسیکی فەرەنسیدا سەر بە نەوەی ناوەراستە پێشتریش (کۆرنی 1606 — 1684) و (پاسکال 1623 — 1662) بوونە ، دووای ئەویش (لابرویبر 1645 — 1696) و (فینلون ـ 1651 — 1715) هاتوون ، بەلام ئەوەی ـ مۆلێر ـ چوار نووسەر دەگرێتەوە کە گیانی سەدەی حەڤدەهەمی فەرەنسا دەگرنە ئامێز کە بێجگە لە ـ مۆلێر ـ خۆی بریتین لە (لافونتین ـ 1621 — 1695) و (راسین ـ 1639 — 1699) و (بوالو ـ 1635 — 1716) زۆر جار ئەوەی مۆلێر بە ئەوەی سالی 1660 دادەندرێت چونکە لەم مێژووەو لە دووای ئەم مێژووەش باشترین کارەکانی مۆلێر ـ دەرکەوتوون .

مۆلێر ـ لە شانۆگەریەکانیدا هەولی ئەوەی دەدا رەوشتو نەریتە هاو چاخەکان نیشان بداتو رەخنە لە بیرو باوەرە باوەکانی ئەو سەردەمە بگرێ ، بۆیە شانۆگەریەکانی خەلکێکی زۆری دەهێنایە پێکەنین ، لەو کەسانەی کە کەمو کوڕیو خەوشە کۆمەلایەتیەکانی خۆیانو سەردەمەکەیان لە ئاوێنەی کارەکانیدا دەبینی .

## بولگاکوف کێیە ؟

ناوی تەواوی میخائیل ئافنا سیفتیش بولگاکوف ـ ە لە سالی 1891 لە شاری ـ کییف ـ ی ئۆکرانی لە دایكبووە ، باوکی مامۆستای لاهوت ـ بووە ، پزیشکی خوێندووەو بە پلەی ئیمتیازەوە دەرچووە ، ئەوەندە لەسەر پیشەکەی خۆی بەردەوام نەبووە هەرکە وازی هێناوەو رووی کردۆتە رۆژنامە گەریەتیو نووسین .

بولگاکوف یەکەم چیرۆکی خۆی لەناو شەمەندەفەر نووسیوە لەو کاتەی کە ویستوویەتی سەردانی نەخۆشێك بکات لە شارێکی تردا . لە سالی 1926 ـ دا یەکەم کارەکانی خۆی بە خەلکی گەیاندوە ، کە بریتیبووە لە رۆمانێك تیایدا بەشێکی زۆری تاقی کردنەوەکانی خۆی تیدا تۆمارکردوە ، پاشان هەمان ئەو رۆمانەی خۆی کردوە بە شانۆگەریو ئەم رۆمانە مەزنە ، بولگاکوف ـ ی گەیاندۆتە ریزی نووسەرە ناودارەکان . لە سالی 1932 دا . وەکو پسپۆرێکی درامی لە شانۆی مۆسکۆ ـ ی بە ناوبانگ دامەزراوە ، ئەو شانۆیەی کە ستانسلافسکیو دافتشینکۆ بنیاتیان نابوو ، بە ناوبانگترین ئەو کارانەی کە لەوێدا پێشکەشیکردون ، ئامادەکردنی رۆمانە مەزنەکەی گۆگۆل ـ ە (دەروونە مردووەکان) بۆ شانۆگەری ، بەلام ئەوەندە لە شانۆی مۆسکۆ نەماوەتەوە لەبەر ئەمناکۆکیەی لە نێوان ستانسلافسکیو دافتشینکۆدا هەبووە ، لە کاتی دەرهێنانی شانۆگەرییەك لەسەر ژیانی ـ مۆلێر ـ بۆیە لە سالی 1936 لێیان جیا بۆتەوە ، دووای پەنجاو یەك سالی تەمەن لە سالی 1942 بە نەخۆشی گورچیلە کۆچی دوایی کردوە ، وە تەنیا یانزە شانۆگەری لە دووای خۆیدا بەجێ هێشتووە . لەوانە (داستانی شانۆگەری) (بەفری رەش) (دون کیخوتی) (دووا



دەکات ، وە هەروەها شانوگەری (شیت) کە یەکەم شانوگەری وەرگێڕاوی بولگاکوف ـ ە بۆسەر زمانی عەرەبی ، لە کاتێکا ئەم شانۆگەریەی پێش کەش کردوە کە پسپۆرێکی درامی شانۆی هونەری مۆسکۆبووە .

**مۆلێرو شانۆی کوردی :**

ئەو دەرهێنەرەی لە خۆی ڕادەبینی کە شانۆگەریەکی مۆلێر بۆ شانۆ دەربێنێ ، یان ئەو ئەکتەرەی دەوری پاڵەوانیەتی لەو شانۆگەری یانە دەبینن ، دیارە پشت بە تاقی کردنەوەیەکی پتەو دەبەستێ و لەوە دڵنیایە کە لە مۆلێر ـ گەیشتووە ، ئەگینا ئەگەر لەبەر ئەو ترسە گەورەیە نەبوایە دەبوایە تا ئێستا هەر یەکەو دوو سێ جاران شانۆگەری یەکانی شکسپیر ـ ی وەکو (هاملێت و ئۆتیللۆو لیر پاشاو یولیوس قەیسەرو رۆمیۆو جولێت مان بدیایە کە من دڵنیام بینەری کورد چەند بە تاسەیە ئەو شانۆگەری یانە ببینێ ، بەلام هونەرمەندی کوردیش ناهەقی نی یە ئەگەر بترسی بچێتە ناو تۆڕی ململانێ لە گەڵ شتێکدا کە لە توانای خۆی گەورەترە . سا ئەگەر ئەو دەستکورتی یە لەبەر نەبوونی ئەکتەری پێویست بێت یان ئیمکانیاتی تایبەتی . یان هەر هۆیەکی هونەری تر کە دەرهێنەری کورد سارد بکاتەوە .

ستانسلانسکی لە یاداشتەکانی خۆی دا دان بەوە دادەنێ کە لە بەزمە ساتی ـ سوتانفیل ـ ی مۆلێر ـ نەگەیشتووە بۆیە لە دەورەکەی خۆی دا سەر نەکەوتووە ، ئەوەتا بە ئاشکرا دەڵێ :

لە بەزمەساتی (سوتانفیل) ی مۆلێردا لە نێوان من و دەورەکەمدا دیوارێک هەبوو ، نەم دەتوانی لەبەر ئەو دیوارە مۆلێر بە هەقیقەتەکەی خۆیەوە بناسمەوە ، پێشتر وام دەزانی کەمن هەموو شتێک دەزانم ، چونکە شانۆگەری یەکانی ـ مۆلێر ـ م لە پاریس بینی بوو ، بەلامەوە شتێکی زەحمەت نەبوو ، فیدوتۆف پێی پێکەنی بوو ، ئینجا پێی گوتبوو : تۆ شتێ لەم بابەتەت زۆر دیوە لە پاریس هەموو ئامێرەکانیانت جوولە بە جوولەو هەنگاو بە هەنگاو لە گەڵ خۆتا هێناوە .

فیدوتۆف زاناو هونەرمەندێکی گەورەبوو ، لە ڕووخانی ئەو دیوارەی کە دەکەوێتە نێوان ئەکتەرو دەورەکەی ، هەروەها ڕێگا نیشان دان و ڕانموونی ئەکتەر بۆ فڕێدانی ئەو نەریتە درۆزنی یانەو بۆ ئەوەی لە جێگەیاندا نەریتی ڕاستگۆو ڕاستەقینە جێ ی بگرێتەوە .

فیدۆتۆف ـ لە مۆلێر دەگەیشت و ڕووە ڕاستەقینەکەی دەردەخست بۆیە ستانسلافسکی ستایشی فیدۆتۆف دەکاو دەڵێ :

من تەمسیلێکم دەکرد کە هیچ هونەرێکی تێدا نەبوو ، هەموو درۆزنی بوو لە گەڵ ژیان دا ، بەلام فیدوتۆف بە تێکڕایی ژیانی تەمسیل دەکرد ، ئەو ژیانەی دوور لە درۆزنی یە .

ئەگەر ئەمە بیروڕاو بۆچوون و توانای ئینسانێکی بلیمەتی وەکو ستانسلافسکی بێ بەرامبەر بە مۆلێر ، ئەی دەبێ بیروڕاو توانای دەرهێنەرو ئەکتەرێکی کورد چۆن بێ بەرامبەری ؟

**خانەدان یان نەجیب زادە ؟**

مەسەلەی ئامادەکردن هەر ئەوەندە نی یە کە هەندێ لە برادەرە دەرهێنەرەکانمان بۆی چوون بە شێلانی دەقێک بە هاو هەوەسی خۆیان ، هەتا ئەو ڕادەیە کە تەنیا ناوی نووسەرە ڕاستەقینەکەی خۆی پێوە بمێنێ ئینجا بۆ خۆ دەربازکردن لەو گوناهەی دەیکەن مەسەلەی (ئامادەکردن) دەکەنە بیانوو .

ئەم شانۆگەری یە بەسەد پینەو پەڕۆبۆتە ئەوخانەدانە (تحسین شعبان) بە ئامادەکەری دووەم دادەندرێت دووای بولگاکۆف چونکە لە هەردوو دەقەکەی «شێت ـ ی بولگاکۆف) و (بورژوازی نەجیب زادە ـ ی مۆلێر) ئەم خانە دانەی بە دەست هێناوە .

دەرهێنەر کە خۆی ئامادەکەری شانۆگەریەکەیە ، هەولی ئەوەی داوە ناونیشانەکەی ـ مۆلێر ـ هەڵ بژێری بۆ شانۆگەریەکەی نەک ئەوەی بولگاکۆف ، بەلام من بەلای خۆمەوە ووشەی ـ خانەدان ـ ئەو چمکە ناداتە دەست کە لە ناونیشان و ناوەرۆکی شانۆگەریەکەی مۆلێر هەیەو بە عەرەبی بە (البرجوازی النبیل) وەرگێڕدراوە . چونکە خانەدان ڕەگو ڕەچەڵەکی کەسێک ناگرێتەوە ، بە تایبەت ئەگەر ئەو کەسە پیاو بێ ، بە کەسێک دەگوترێت کە داناو ڕەوشت بەرزو بەڕێزو گران بێت : خۆگر

بێت و کاروباری ڕێک و پێک بێت ، کردەوەکانی ببێتە مایەی سەر سوڕمانی خەڵکی بۆیە پێ ی دەڵێن ، کەسێکی خانەدانە ، ناڵێن چینێکی خانەدانن .
ئەوەی مۆلێر مەبەستیەتی مەسەلەی چینێکە لە چینە هەرە پایەدارەکانی مۆلێر، دکتۆرە - شکریە رسول - یش دەڵێ دەتوانین بڵێین شازادە ، ئەم ووشەیەش هەمدیسان لە خانەدانەکە نزیک ترە ، یان (عالی جەناب) کە بەرامبەر بە (gentile homme) دێ .

## ئەکتەر لە نێوان داهێنان و جوینەوە لە خانەدان دا ؟

شانۆگەری درامی ، ئەمڕۆ هەر تەنیا دووچاری کێشەی نەبوونی دەقی شانۆیی کێشەکانی تری شانۆ و چارەسەریەکانی نەبووە ، بەڵکو دووچاری کێشەیەک بووە کە لە هەموو ئەوانە کەمتر نی یە ئەگەر گەورەتر نەبێت ، ئەویش کێشەی نوێبوونەوەی ئەکتەر و دروستبوونی ئەکتەری نوێ یە ، ئەوانەی کە بە ڕۆشنبیری هونەری و پالاوتنی خۆیانەوە جیا دەکرێنەوە و دەبن بە هونەرمەندی داهێنەر .. بەو شێوەیەی کە دووربن لە ڕۆتین و قالبی لەیەکچووو دووبارەکراوە ، یان دەبن بەو ئەکتەرە داهێنەرەی کە دەبنە تەواوکەرێکی بەهێز و زیندووی نووسەر و دەرهێنەر .
ئەکتەری یەک شێوەیی بێجگە لە چەند ئەنجامێکی دیاری کراو بەولاوە شتێک بە بینەر نابەخشێ و بە هیچ کردارێکی خولقاندن هەڵناستێ تەنیا بەو ئاکامانە نەبن کە لە لای هەموو بینەرێک ئاشکرا و زانراوە ، بەر لە پێشکەشکردنی .

ئەکتەری مەزنی ئینگلیزی (ئۆلیڤیە) لەم بارەیەوە دەڵێ :
(نهێنی هەرە گەورەی من وەک ئەکتەرێکی سەرکەوتوو لەوەدایە کە من بینەر تووشی کت و پڕیەک دەکەم بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانی دەکات) یان بە پێچەوانەی ئەکتەری یەکشێوەیی ئەکتەری خولقێنەر بەبەدووا گەڕانی خۆی دەناسرێتەوە ، بە خولقاندنی دەورەکەی خۆی و دەسگیرکردنی ئەوەی دەیەوێ ، بینەریش لە بەرامبەر ئەو ئەکتەرانەدا هەست بە زیندووبوونەوەی خۆی دەکات ، وە هەروا دەزانێ کە هەموو شتێک سەر لەنوێ و بۆیەکەمین جار ڕوو دەدات ، ئەو



ئەکتەرانەی لە (خانەدان) دا کەوتبوونە ناو ئەو چوارچیوە یەکشێوەیی یە (مامۆستای سەما - محمود احمد) ، (مامۆستای شیرەوانی - ولید خالد) ، (مامۆستای فەلسەفە - علی احمد) ، (سرانکۆ - خالد بەرزنجی) (دورانت - زایەر عبدالله) (نیکۆل - شیرین صابر) ، (کلیونت - محمد سعید ابراهیم) ، (قازی - ابراهیم حکیم) .

## کاریگەربوونی ئەکتەر لە خانەدان - دا

یەکێ لەو دیاردانەی کە لە زۆر شانۆگەری بیانی دا هەستی پێ دەکرێ ئەوانەی لەسەر هەندێ لە شانۆکانی کوردستان دا پێشکەش دەکرێن ، بە تایبەت لەم خانەدانەدا ئەوەیە کە دەرهێنەر و ئەکتەرەکان - هەندێکیان - دەسەلاتیان بەسەر ئەوەدا نەشکاوە کەوا یەکسانیەک لە نێوان حیوارەکان و ئیقاعی درکاندنی ئەو حیوارانەدا بەدی بێنن ، بەو شێوەیە کە نرخی خۆیان بدرێتێ و لە گەڵ ڕێبازی شانۆگەری یەکەدا بڕۆن ، حیوارەکان یەک لە دووای یەک دەتەقنەوە و بواری بینەر نادەن هەڵوێستەیەکیان لە گەڵ دا بکات وتام و چێژیان لێ وەربگری .
هەندێ لە ئەکتەرەکانی خانەدان ئەوەی بە خەیاڵیان دا نایێت ئەوەیە کە دەور لە شانۆگەریەکی مۆلێر - دا دەبینن ، هەر بە هەمان قالبە دارێژراوەکانی جارانیان لە شانۆگەری یە میللی یە کوردی یەکان دا هەڵس وکەوت لە گەڵ دەورەکانیان دا دەکەن .. دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە بە جل و بەرگی ڕۆژئاوایی ، بە ڕواڵەت لە دیمەنی ئەکتەرەکان بگۆڕێ بەلام ڕۆحیان ، نەفسیەتیان ، جوڵانەوەیان ، دەنگیان هەر لە دەقە سادەیی یەکەی جارانی ماوە ، بۆیە لە دەرفەتی وادا ئارایشت و دیکۆری ڕازاوە بە هانای ڕزگاربوونی شانۆگەری یەک نایێن کە ناوەڕۆکی ئەکتەرەکانی داهێزرابێت .
هەندێ ئەکتەر خوو ڕەوشتی ئەمیبایان پێوە نی یە تا بە گوێرەی پێویست بەرگە کۆنەکەی خۆیان فڕێ دەن و بەرگێکی نوێ



لەبەرکەن ، تا لەگەڵ ئاوو هەواو زەمینەی کارە نوێیەکانیاندا بە داهێنانەوە مامەلە لەگەڵ دەورەکانیاندا بکەن ، تا ئەو ئەکتەرانە بە دووای دۆزینەوەی خۆیاندا نەگەڕێن مۆرکی کاریگەربوونی پێشوویان هەر پێوە دەمێنێ ! ئەم کاریگەر بوونەش لە زۆر لق و پۆپی جیاجیا گۆپکە دەکەن لەوانە :

**1 – کاریگەربوون بە دەرهێنەرێکی دیارکراو :**
هەندێ دەرهێنەر بەتواناو لێهاتوویی خۆیان بۆ هەندێ ئەکتەر دەبن بە قوتابخانەو مۆرکی تاقیکردنەوەو ڕێبازی خۆیان بە ئەکتەرەکانەوە دەنووسێنن ، ئەو ئەکتەرانەی لەو قوتابخانەیە دەردەچن ، ئەگەر لەو کەسانە نەبن کە متمانە بکەنە سەر ووزەو بیری خۆیان ئەوە لە دەسەڵاتیاندانابێت تەشەنە بە توانای خۆیاندا بدەن ، یان ڕۆژێك لە ڕۆژان داهێنان بە خۆیانەوە ببینن .
لە خانەدان – دا هەندێ لە ئەکتەرەکان تائێستاش مۆرکی هەندێ لەبرادرە دەرهێنەرەکانی پێشوویان پێوە ماوە .

**2 – کاریگەربوون بە کاراکتەر (شخصية) :**
هەندێ ئەکتەر لە بەرهەمێکی دیاریکراودا سەرکەوتن لە (شخصية) یکەوە بەدی دەهێنن ، جا بۆ ئەوەی ئەو شخصیە – زیندوو بکەنەوە ، هەوڵ ئەوە دەدەن هەمان – شخصية – لەوێنەی یەکەمدا دروست بکەنەوە ئەگەرچی لەسەر حیسابی جوینەوەش بێ .
ئەکتەری سەرکەوتوو لە هەر دەورێکی نوێدا – شخصية – یکی نوێ دادەهێنێ ، نەك هەر تەنیا لە دەوری ئەوەی پێشوودا بسوڕێتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان سەرکەوتنی بۆ بە دەست هێناوە .
(جۆردان) و (ماڵەی سەرگردەکە) یەك – شخصیە – ن تەنیا ئەوەندە نەبێ کە جۆردان شەلەیەو لە ڕواڵەتیشا بەراووردێکیان لە نێواندا دەکرێ .

**دەرهێنەر :**

ناشێ ئەوە لە بیرکەین کە دەرهێنەر توانیویەتی بە قەد ئەوبوارە هونەریەی بۆی ڕسکاوە ، هەوڵی ئەوە بدات کە هەندێ وووردەکاری لە ئیشەکەی خۆیدا بکات . بەڵام سەرباری ئەمەش هێشتا کپی و خامۆشیەکی زۆر – مەلەل – باڵی بەسەر سەروسیمای شانۆگەریەکەدا کێشابوو ، بە تایبەت لە ساردی جووڵانەوەی ئەکتەرەکان ..
مۆلیێر – لە شانۆگەری‌یەکانی‌دا پشتی بە (جووڵانەوە – حركة) بەستووە بەتایبەت جووڵانەوە کۆمیدی‌یەکان ، ئەوانەی تام و چێژ بە شانۆگەریەکە دەبەخشن ، بەڵام ئەگەر هەر شانۆگەریەکی تری مۆلیێر – لەو جووڵانەوە کۆمیدی و پڕ ئامانجانە ڕووتکراوە ، یان دەرهێنەر شارەزاییەکی ئەوتۆی لە قوتابخانەی مۆلیێر – دانەبوو ، ئەوە ئەو شانۆگەری‌یە وەکو جەستەیێکی بێگیانی لێ دێ و ئەو – خامۆشیە – دروست دەبێت وەکو لە خانەداندا هەبوو .
هەندێ مەسەلەی تری هونەری وەکو رووناکی ، ئارایشت ، هیچ بوونێکیان نەبوو، بۆیە لە هەندێ کاتدا لەنگیەك لە هاوسەنگی هێڵی شانۆگەریەکەدا پەیدا دەبوو بە تایبەت لە دیمەنی (بەرگەدرو) دا کە دەبوا ئەو لەنگی‌یە بە هۆی – رووناکی – چارەسەری بکرابوایە . هەمدیسان دەرهێنەر سەرنجی هەندێ وێنەی دژ بە یەکتری نەدابوو ، یان بە هەندێ هەڵ نەگرتبوون ، لەوانە ، ئەو تابلۆ لادێیانە کوردەواریەی خۆمان کە هەڵواسرابوو ، پێڵاوی پاڵەوانەکان ، کە پێڵاوی ئاسایی خۆیانیان لەبەربوو ، لە گەڵ ئەو جل و بەرگە مێژوویی‌یە نە دەوەشایەوە کە لە بەریان بوو ، لە دیکۆریشدا هەروا ، ئەو دژایەتی‌یە بە ئاشکرا دەردەکەوت ، بە تایبەتی لەنێوان دەستە کورسی‌یە سادەکان و شتە مێژوویی‌یەکانی‌تر .

**ئەکتەرەکان :**

**جۆردان – سعدون یونس :**
بەو ناوەی کە جۆردان کۆرەگەی شانۆگەریەکەیەو هەموو پاڵەوانەکانی تر لە دەوری ئەودا گردبوونەتەوە ، دەبوا نزیك بوونەوەی جۆردان – لە بینەر لە هەمووان زیاتر بووایە ، چونکە

زۆرترین کاتی شانۆگەریەکە لە گەڵ بینەردابوو ، ئەمە دەرفەتێکی والای خستە بەردەم (سعدون) بۆ ئەوەی ئەو - شخصیة - مەزنەی خۆی بە خەڵکی بناسێنێ ، بەلام ئەو نەیتوانی دەستبەسەر ئەو دەرفەتەدا بگرێو جێگەیەکی ئەوتۆ لە دڵی بینەردا پڕ بکاتەوەو کاریگەریەك لەسەر هەستو ەستیاندا بەجێ بێڵێ .

سعدون - لە کۆمیدیادا زیاتر دەسەلاتی بەسەر خۆیدا دەشکێ وەکو دەورە تراژیدی یەکانی تریدا دەبیندرێ ، بەلام لەم تاقی کردنەوەیەیدا نەیتوانی داهێنان بەسەر کاراکتەرەکانی پێشووی وەکو (ڕەجەبو ماله) دا بکات ، دیارە دەرهێنەریش لەمنێوانەدا دەوری سەرەکی لە تواناو لێهاتوویی ئەکتەردا دەبینێ .

سعدون -وەکو لە کۆمیدیا ئەم جیاوازی یە دروست دەکات ، لە نێوان شانۆو تەلەفزیۆنیش هەروایە ، تەلەفزیۆن پەردە بە ڕووی هەندێ کەمو کوڕی ئەکتەردا دەدات ، بە تایبەت مەسەلەی دەنگ .

دەنگ یان - ئیقاع - لە شانۆدا تەواوکەری - جولانەوەیە - حرکة - هەندێ ئەکتەر بە هۆی ئیقاعو دەنگیان توانیویانە مەنزلێکی بلند لە شانۆدا داگیربکە بین ب خاوەن دەنگی تایبەتی خۆیان ، ئەوەتا سافیل لە نامەیەكدا بۆ هاوڕێیەکی خۆی ناردووە ، ئامۆژگاری دەکاو دەڵێ : (دەنگو دەنگو پاشان دەنگ)

ئەم دەنگو ئیقاعە لە لای - سعدون - بەرەڵلاو کراوەیە ، نرخو بەهایەك بە - حیوارەکان - نابەخشن ، بەڵکو لەوپەڕی کزیو ساردبوونەوەیەك هەستی پێ دەکرێ .

**(مەدام جۆردان - سمیرة سعدون)**

جێی شانازیە کە شانۆگەریەکی کوردی لە هەولێر ، پێنج ئافرەت بەشداری تێدا دەکات ، ئەم دیاردەیە خۆی لە خویدا مایەی دڵخۆشبوونو گەش ڕوانینمانە بە مرۆی شانۆی کوردیو دەوری ئافرەتی کورد لە بنیات نانی بنچینەیەکی سەرەتایی بۆ شانۆی هاوچاخی کوردی .

ئەوەی ببووە مایەی سەر سوڕمانو لێکدانەوەم لەم شانۆگەرییەدا ئەو بازدانە کتو پڕیەی (سمیرة) بوو هاوێشتی ، بە گوێرەی بەرهەمەکانی پێشووی . سمیرە - لەم کارەی خۆیدا توانی پێناسێکی پڕ بە پێستی - مەدام جۆردان - بکات ، هەروەها سامو خرۆشێکی ئەوتۆ بخاتە ناو هۆڵەکە کە لێکخشانێکی تیژ لە گەڵ هەستی بینەردا بکاتو دەسەلاتی خۆی بەسەر سەراپای شانۆگەرییەکەدا بشکێنێ ، بە تایبەت بەسەر - جۆردان - دا ، چونکە ئەو پاڵەوانی سەرەکی شانۆگەریەکەبوو . بەلام لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا وەك ئافرەتێك لەو ناوەندە کۆمەلایەتیو لاساییکەرەوەییەی دەرنەچووبوو ، کە دەبوا وەك ئافرەتێکی هونەرمەند لێیان دووركەوێتەوە ، بە تایبەت لە مەسەلەی دەنگی هەل هێنان زیاتر لە پێویستو قیژە قیژی بێ بیانوو

**(لۆسیل - دلپاك طاهر)**

دلپاك یەکێ بوو لەوانەی کە بە تاقیکردنەوەیەکی کەم توانیان سنوورێکی چاك لە شانۆدا ببڕن ، ئەم پێگەیشتنە خێرایی یە لەوەوە چەکەرە دەکات کە ئەو کەسانە یا ئەوەتە بەهرەیەکی شاراوەی چاکیان لە هەگبەدایە بەر لەوەی پێ بنێنە سەر شانۆ ، یا ئەوەتە ئەشقێکی پاك دەستیان دەگرێو ڕایان دەکێشێ .

دلپاك هێشتا کالە ، بەلام لەو دوو بەرهەمەیدا (قەلای دمدم) و (خانەدان) دا هەنگاوێکی گەورەتری نا لەوانەی کە سەردەمێکە لە قالبی خۆیاندا خول دەخۆنەوەو توانای گۆڕکەکردنو تەشەنەکردنیان نی یە .

**(مامۆستای مۆسیقا - جلال بەیار**

لە نێوان دەورە لاوەکی یەکاندا جێگەیەکی دیاری هەبوو ، بە جولانەوە کۆمیدی یە پڕ ماناکان ، بە ئیقاعە تێرو تەسەلەکانی .

**(کوفیل - چتۆ حسن)**

لە تەرجماندا ئاوێتەبوونی لە گەڵ دەورەکەی خۆیدا تێرتربوو وەکو لەوەی لە (کۆفیل)دا هەبوو ، ئەمەش بە هۆی دەرچوونی لە قالبە کەسایەتی یە سروشتیەکەی خۆی .

**(قازی - ابراهیم حکیم)** :

بۆ ئەوەی لەو چوارچیوەیەدا نەمێنێتەوە پێویستی بە گۆڕانە ، وە بۆ ئەوەی وەکو هونەرمەندێکی ڕەسەنی کۆمیدی ئەو پایەو بەهایەی خۆی بپارێزی دەبێ بە ووردبینی مامەلە لەگەڵ دەورەکانیدا بکاتو سەرکەوتنەکانی پێشووی هەلی نەخەلەتێنێ .